

# بەناز عومەر: هونەرمەند هەبووە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردووە خۆمان پێمان خۆش نەبووە

سـەرەتا بە بەرنامـەی (ئاوێزە) دەسـتی پێکردو لە کەناڵێکـی لۆکاڵیەوە پەخشـدەکرا، خەمخـۆری ئەو بۆ هونەر وایکـرد لەچەند بەرنامەیەکی دیکـەی هونەریدا دەسـتی هەبێت، دوای جێهێشـتنی وڵات و گیرسـانەوە لە وڵاتی سـوید خەونەکانی گەورەتر بوون و ئەم جارەیان بـە بەرنامەیەکـی جوانـترەوە دەرکەوتـەوە، ئەویـش پرۆگرامـی (ژوان) بوو. خاتوو بەنـاز وەك خۆی دەڵێت: بەرنامـەی (ئاوێزە)سـەرەتایەکی بـاش بـووە بۆ ئەو، بەڵام ئێمە و بینەرانی دەرەوەی وڵاتیش پتر ئەو لەرێگای بەرنامـەی (ژوان)ەوە دەناسـین. بـۆ زیاتر ئاشـنا بوون بە ژیـان و کارەکانی (بەناز عومـەر) ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازکرد.

**دیمانە: کارۆخ فەهمی**

***سـەرەتای چوونە ناو کاری راگەیاندنت لە کوێوە دەست پێئەکات و وێستگە گرنگەکانی ئەو زەمەنە کامانەن، کام وێستگەیەش کاریگەری لەسەر گەشە کردنی تۆ هەبوو لەم بوارەدا؟**

بەنـاز عومـەر: سـەرەتای دەسـتپێکردنی کاری راگەیانـدن لـە( تەلەفزیۆنی گەلی کوردسـتان) لە سـالی ١٩٩٥بوو، لـە گرنگترین ئەو کارانـەی کردوومـە بەرنامەی(ئاوێـزە) لـە ئامادە کردنـی (خەلیل عەبـدوڵا) بوو جێ بەجێ کردنی کاك(یوسـف حاجی یونس) بوو، تا ئێسـتاش ئەو بەرنامەیە بەردەوامە، بەڵام ستافەکەی گۆڕاوە، پاشان بەرنامـەی (ئەلبومـی هونەرمەندان) کە لە ئامادەو پێشکەشـکردنی خۆم و بەهـاوکاری کاك (هاورێ عەزیز) و لەدەرهێنانی کاك(عوسمان نوری) بوو، هەر لەسـەرەتاوە زۆربـەی کارە هونەرییەکان من هاوکار بووم تیایدا.

***خوێندنەوەی قەسیدەی( عەشق)ی بەختیار عەلی حەزی خۆت بوویان نا؟ کاك بەختیار ئاگاداری ئیشەکە بوو؟**

بەناز عومەر: قەسیدەی (عەشق)ی بەختیار عەلی حەزی خۆم و ئامادەکەری بەرنامەی ئاوێزە(خەلیل عەبدوڵا)بوو، لەگەڵ شانۆکار( هۆرێن غەریب) و شێوەکار(سامی حەمە مومن) بوو، بۆ پرسکردن بە كاك بەختیار، وەڵامەکەی کاك (خەلیل) ئامادەکەری بەرنامەکە وەری گرتبوو بەرەزامەندی بەختیار خۆی بوو!

***ئەگەر باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم ژنی کورد بکەین لە زۆربەی بوارەکاندا، هەندێك جار وەك زۆربەی وڵاتە رۆژهەلاتییەکان رێگری لە گەشە کردنی گیراوە، تۆ هیچ گرفتێکت هەبوو؟**


بەناز عومەر: من هەر لەسەرەتاوە رێگرم نەبووە و خێزانەکەم هاوکاری تەواوم بوو، بەتایبەت باوکم هەر لەسەرەتاوشەوە زۆر پابەند بووم بەوەی کە بەروویەکی نزیك لە کەسایەتی ماڵی کوردی یەوە دەرکەوم، زۆر حسابم بۆ رێزی خەڵكوخۆشم کردووە..پاشان دوای هاتنە دەرەوەم بۆوڵاتی سوید، هەر بەهەمان شێوە کارم کردووە و هاوسەرم(هەردی عومەر) خۆی کەسایەتیەکی دیارەو زۆر ئیلتیزامی هەیە لە کاری خۆیدا. ئەوەش بۆتە پاڵپشتی زۆر بۆمن!

***لە ئەوروپا رووبەرەکانی ئازادی فراوانترە، وە جۆری ئیشکردنیش جیاوازە، گەر بەراوردێکی ئیشکردن بکەیت لەناوەوەی کوردستان و لە ئەوروپا بە تایبەت بۆ ژنان، ئەمەوێ باس لە چۆنیەتی گۆڕانی ئەو وێنانە بکەیت، کە لەو دوو دنیا جیاوازە دروست ئەبن؟**

بەناز عومەر: ئەگەر ئەتەوێت باس لەجیاوازی نێوان ئەورووپاو کوردستان بکەم ئەوە زۆر... بەڵام ئەو کارەی ئێمە دەیکەین بۆبینەری کوردە بینەریش لە کوردستان و لەدەرەوەش هەیە... مەبەستپشت کارکردنە، ئەوە کارکردن لە کوردستان ئاسانترە لەبەر ئەوەی دلسۆزی چواردەور زیاترە، ئەگەر باس لە ئازادی بکەین لەرووی کار کردنەوە ئەوا هەر لە دەسپێکردنمانەوە، ئازاد بووین، چونکە ئەو تەلەفزیۆنەی کاریشی بۆ دەکەین ئازادە و ئازادیشی پێداوین لە جۆری کارکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەکان.

***لە کاتی وێنەگرتنی کلیپێکدا یان ئیشێکی تر، یارمەتی کاك(هەردی) ئەدەیت، یا ئاگات لە کارەکانیەتی، چونکە ئێمە ئاگادارین لە زۆربەی کارەکانی تۆدا بەشدارەو وێنەی زۆرێك لە بەرنامەکانی تۆ ئەگرێت؟**

بەناز عومەر: لەکاتی کلیپ دروستکردنی(هەردی) هەندێك جار بەپێی وەختی خۆم ( چونکە من لێرە لەسوید دەخوێنم) وەختم کەمترە، بەڵام (هەردی) ستۆدیۆیەکی هەیە لەماڵەوە، بۆیە زۆر کات ئاگام لەکارەکانیەتی. وەك بەرنامەکەش ئەوا لێرە ستافێکی تەواوی کوردساتی لێیە، کە وەك خێزانێك کاردەکەین، نەك هەردی بەڵکو هەموویان وەك یەك هاوکاری یەکتری دەکەین، هەرچەندە ئەو سەرپەرشتیاری کارەکانی ئەوروپایە، بەڵام وەك کاری دەرەوەی وڵات، هەمووومان وەك هاوڕێ کار دەکەین وە راو بۆچوونی یەکتریمان بە هەند وەردەگرین.



گرتەیەك لە بەرنامەی "ژوان"



***جگە لە کاری ڕاگەیاندن ڕۆژانە بەچییەوە سەرقاڵیت؟ ڕۆژانی غوربەت چۆن بەسەر دەبەیت؟**

بەناز عومەر: ڕۆژانی غوربەت، وەك هەموو کوردێکی دوورە وڵات دابەشکراو، لەنێوان خێزانو خوێندن و کاری ڕاگەیاندن.

***بیرۆکەی بەرنامەی (ژوان) چۆن بوو، چۆن سەریهەڵدا، ئەو بیرۆکەیەت لە کوردستان لەگەڵدا بوو؟**

بەناز عومەر: بیرۆکەی بەرنامەی ژوان لەسوید دەستی پێکرد، دوای هاتنم بۆ وڵاتی سوید، سەرەتا بەبێ ناو ئەو بەرنامەیەمان دەکرد، یەکەم بەرنامەش لەگەڵ هونەر مەند (عەدنان کەریم) بوو، کە بەهۆی نەبوونی ستۆدیۆ لەناو سروشتدا تۆمارمان دەکرد، پاشان دوایی تەشجیع کردنی کوردسات بۆ بەرنامەکەو برەودان پێی ئێمەش لەگەڵ کارەکاندا بەردەوامیمان هەبوو تا دوا جار لەم شێوازە تازەیەدا خۆی بینیەوە.

***کۆکردنەوەو داوەتکردنی ئەو هونەرمەندانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ساز ئەکەیت چۆنە؟ ئەم هاتن وچوونە لەنێوان ئەو وڵاتانە کۆبوونەوەی ئێوە، کارێکی قورس نیە؟**

بەناز عومەر: هەموو کارێکی جددی هیلاکی خۆی دەوێت، هەروەها کۆکردنەوەی هونەرمەندان و چاوپێکەوتنیان بەشێکە لەو کارانەی لەسەر ئەستۆمانە، تا بتوانین ئەو پردەی پەیوەندی نێوان وڵاتو ئەوروپا دروست بکەینو هونەرمەندان ئاگاداری کاری یەکتری بن..هەرچەندە ئێمە و هونەرمەندان بەهۆی ئەوەی ستافی کوردسات زۆر کاری کلیپی بۆ هونەرمەندانی گۆرانیبێژ کردووە، ئەمە وای کردووە زیاتر نزیکبونەوە هەبێت و هونەرمەندەکانیش بەحەزەوە بەشداری و هاوکاریمان بکەن. بودجەی هاتووچۆی هونەرمەندانی دەرەوەی سویدو میوانداری هەمووان لەسەر ئەرکی (کوردسات)ە.

***کام لەو بەرنامانەی کە تۆ پێشکەشت کردوون زۆر بەدڵت بووە، وە بەکامەیشیان قەڵس بوویت و حەزت بە پێشکەش کردنی نەکردووە؟**

بەناز عومەر: ئەو بەرنامانەی کە ئاستی ڕۆشنبیری هونەرمەندەکە بەرز بێت، ئەوا منیش دڵخۆش بووم و توانیومە پرسیاری جوانتریان ئاراستە بکەم. هەندێ جاریش بە پێچەوانە دەبێت.. واتە ئاستی ڕۆشنبیری هونەرمەندەکە لەگەڵ خۆشەویستی لە ناو خەڵکدا زۆر جار لە بەرژەوەندی بەرنامەکە بوو..هەندێك جار هونەرمەند هەبووە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردووە خۆمان پێمان خۆش نەبووە، بەڵام دەبێت لەبەر ڕێز گرتن لە زەوقی خەڵكو کەسانێك کە حەزیان لەدەنگی یان کەسایەتی ئەو هونەرمەندەیە کە ئێمە میوانداریمان کردوون، ئێمەو هەمووان بانگەشەی ئازادیی دەکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین بەتەنها چاودێر بین، هەروەها بینەرێکی ڕۆشنبیرمان هەیەو ئەوان با ئازاد بن لەرەخنەو ببنە چاودێری ڕاستەقینە، بۆئەوەی داهاتوومان گەشتر بێت، پێویستە ڕێگە بەهەموو دەنگە کان بدەین، خەڵکیش ئازاد بێت.

***بۆچی هەر لەناو سوید کارەکانتان دەکەن؟**

بەناز عومەر: ئێمە پێشتر تەنها بۆ سوید کارمان دەکرد، بۆیە لە سویدەوە دەستمان پێکرد. هەروەها سوید تایبەتمەندیەکی هەیە، کە زۆربەی هونەرمەندە گۆرانیبێژەکان لێرەن، هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا هەوڵمانداوە هەموو ئەوروپاو هەموو هونەرمەندانی دەرەوە بێتە بەرنامەکەمانەوەو ئێستا بەرنامەی (ژوان) لەهەموو ئەوروپا کارەکانی دەکاتو هونەرمەندانی کورد لە هەرچ شوێنێکی جیهان بێت، بەسەریان دەکاتەوەو میوانداریان دەکات.